# مارکس ڕەخنەگری مارکسیزمیش بووە

## گفتوگۆ لەگەڵ سەمیر ئەمین

سازدانی: عەلادین مەحموود



***تا ئێستاش هەر مارکسیستیت؟**

-بێگومان و بەدڵنیاییەوە من مارکسیستم، کەواتە سۆسیالیستم، واتە کۆمۆنیستم و دواجاریش ئینتەرناسیۆنالیستم، من نووسینێکی دوورودرێژم لەم بارەیەوە نووسیوە و پیشانت دەدەم؛ بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە واتەی چی کە مارکسیستم؟ من لەو جیاکارییەوە دەستپیدەکەم کە لەنێوان مارکس و مارکسیزمە مێژووییەکاندا دەکرێت، مارکسیزمە مێژووییەکانیش چەند هەوڵێکی یەک لەدوای یەکن بۆ تێگەیشتن لە مارکس، هەوڵگەلێکن کە هەڵگری ڕەهەندێکی مێژوویین، واتە ئەم هەوڵانە لە چەند توێژ و دەستەیەکی دیاریکراوی هێزە سیاسییە دیاریکراوەکانەوە هاتوون لەناو بارودۆخێکی بابەتیی دیاریکراودا، وێستگەیەک بووە لە قۆناغێکی دیاریکراو، لە ناوچەیەکی دیاریکراوی ئەم جیهانەدا. لەو باوەڕەدام کاتێک کەسێک دەڵێت مارکسیستم من بەو مانایە تەماشای دەکەم کە دەستپێکردن و هەنگاونانە لە مارکسەوە، نەوەک ڕاوەستان لە مارکسدا، واتە من لەو باوەڕەدا نییم ئەو بەرهەمانەی مارکس نووسیونی گوزارشت بن لە کۆتایی حەقیقەتی ڕەها و [دروستکردنی] بیروباوەڕێکی ئایینیی نوێ بن. مارکس بە ڕەخنە دەستییپێکرد، فکری مارکس پێش هەر شتێک لە بنەماوە فکرێکی ڕەخنەگری هەموو شتێک بووە، ڕەخنەگری حەقیقەت بووە، ڕەخنەگری واقیعی حەقیقی و باڵادەست بووە، ڕەخنەگری ڕوانگە جیاجیاکان بووە دەربارەی ئەم واقیعە حەقیقییە. واتە مارکس ڕەخنەگری مارکسیزمیش بووە، چونکە حەقیقەتە واقیعییەکە بریتییە لە سیستەمی سەرمایەداری. هەروەها ڕەخنەگری ئایدیۆلۆژیاکان بووە، واتە ڕەخنەگری ئەو ڕوانگانە بووە کە هەبوون دەربارەی چییەتیی سەرمایەداری و چییەتیی واقیع. مارکس فکرێکی ڕەخنەگر بوو، ئەمەش بنەمایەکی جەوهەرییە. هەربۆیە زیادەڕۆیی نییە ئەگەر لە پێناسەی مارکسیزمدا بڵێین فکرێکی ڕەخنەگر بووە، فکری ڕەخنە بووە، پێش هەر شتێکیش ڕەخنەی واقیع بووە، واقیعیش پێش هەر شتێک ئەوە بووە کە کۆمەڵگە لەسەر بنەمای مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دامەزراوە. بۆیە من لەم بوارەدا هیچ جیاوازییەک ناکەم لەنێوان مارکسی ئابووریناس و مارکسی فەیلەسووف و مارکسی سیاسەتمەدار و ...هتد، وەک ئەوەی بەداخەوە لە ئێستادا هەندێک کەس دەیکەین.

***کێن ئەوانەی داوای دەرهێنان و جیاکردنەوەی مارکسی فەیلەسووف دەکەن لە مارکسی ئایدیۆلۆژی؟**

-بەڵی، لە ڕاستیدا من پێم وایە مارکس تاکە یەک کەسە، ئەو کەسەش ڕەخنەگری واقیعی سیستەمی سەرمایەدارییە، ڕەخنەگری ڕوانگە سیاسی و ئایدۆلۆژی و فەلسەفییەکانی ئەم واقیعەیە. سەبارەت بە ڕەخنەی واقیع، واتە ڕەخنەی سەرمایەداری، کتێبی «سەرمایە»مان لەبەردەستدایە، کە دەبێت ناونیشانە لاوەکییەکەی ژێر «سەرمایە» بە هەند وەربگرین، کە نووسراوە «ڕەخنەی ئابووریی سیاسی»، ئەمە واتە چی؟ بە داخێکی زۆرەوە دەبینین زۆرێک لە مارکسیستەکان بەو جۆرە لەم ناونیشانە لاوەکییە تێگەیشتوون کە مارکس زانستێکی ئابووریی ڕاست و دروستی داناوە لە بەرامبەر ئەو زانستە ئابوورییەی پێش خۆی هەبووە. ئەمە بەشێکی ڕاستە و بەشێکی هەڵەیە. لە ڕاستیدا ئەمە بە هیچ جۆرێک مەبەست و بۆچوونی کارڵ مارکس نەبووە کاتێک کتێبی «سەرمایە»ی نووسیوە، ئەو لەپێناو ئاشکراکردنی ئەو ڕوانگە ساختە و ناڕاستەی دەربارەی واقیعی باڵادەست، کتێبی «سەرمایە»ی نووسیوە، ئەو واقیعە باڵادەستەش لای ئابووریناسانی دیکە بریتیبوو لە سەرمایەداری. بەوەش ئابووریی سیاسی وەک ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری نیشاندا. ڕوانگەی سەرمایەداریی دەربارەی چییەتیی سەرمایەداری وەک پەرەسەندنێکی هەڵە، ڕوانگەیەکی هەڵەیە، ڕوانگەیەکە

دەربارەی واقیع بە مەبەستی پێدانی شەرعییەت بەم واقیعە، واتە هەڵوێستی مارکس بەرامبەر سەرمایەداری، هەڵوێستی ڕەخنەگرێکە نەوەک تەنها هەڵوێستی کەشفکردن. زۆرێک لە کتێب و نووسینە مارکسیستییەکان. بەتایبەت سۆڤێتییەکان، بەتایبەتتریش ئەو کتێبانەی تەرخان کراون بۆ بەرەودان بە مارکسیزم، شیکاری مارکسیان بۆ سەرمایەداری کورتکردۆتەوە لە (شیکردنەوەی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان، مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، نهێنیی زیادەبەها، چەوساندنەوەی کار لەلایەن سەرمایەوە و دەرخستنی پرۆسەی چەوساندنەوەی کار)دا. هەرگیز ئەمە مەبەستی مارکس نەبووە بە تەنها، مەبەستی مارکس زۆر زیاتر لەوە بووە و تەنها بریتی نەبووە لە پرۆسە ڕاستەقینەکانی کەڵەکەی سەرمایە، لۆژیکی کەڵەکەکردنی سەرمایەدارانە، پرۆسەی بەرهەمهێنانی زیادەبەها، چەوساندنەوە لە ڕێگەی فرۆشتنی هێزی کارەوە، کۆنترۆڵی سەرمایە بەسەر کۆسیستەمی بەرهەمهێنانەوە؛ نەخێر ئەمە مەبەستی مارکس نەبووە. مارکس لەمەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات بیسەلمێنێت کە ئەم پرۆسەیە لە پشت گوتارێکی ئایدیۆلۆژییەوە شاردراوەتەوە، کە ئامانجەکەی ڕەوایەتیدانە بەم سیستەمە، بە واتای نامۆبوون.

لێرەدا مارکس لە فۆیەرباخ و ڕەخنەی ئایینەوە دەستپێدەکات، ڕەخنەی ئایینیش لای فۆیەرباخ پێمان دەڵێت کە ئەوە خودا نییە کە مرۆڤی دروست کردووە، بەڵکو ئەوە مرۆڤە کە خودای دروست کردووە، واتە مرۆڤەکان وێنا و ئەندێشەیەک دروستدەکەن، خوداییش دەکەن بە بەری ئەم وێنایەدا. ئەمە بریتییە لە نامۆبوون، پرۆسەی نامۆبوون لای مارکس، پرۆسەی نامۆبوونی ئابوورییە، یاخود ئابووریگەراییە، دەرکەوتەی ئەم نامۆبوونەش بە تەواوی لە گوتاری ئابووریی بازاڕەکاندا دەردەکەوێت. کەواتە بازاڕەکان بریتین لە چی؟ بازاڕەکان بەرهەمی کۆمەڵە پرۆسێسێکی مرۆیین، ئەوە کۆمەڵگەکان بوون کە بازاڕیان دروستکرد و داهێنا، بازاڕ لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە. بەڵام نامۆبوونی ئابووری، لێکەوتەی بەدەر لە کار و کردەوەکانی مرۆڤ دەگێڕێتەوە بۆ میکانیزمەکانی بازاڕ. ئەمەیە پرۆسەی نامۆبوون و هەر ئەمەشە پرسە سەرەکییەکە لای مارکس. هەربۆیە من دەڵێم مارکس ڕەخنەگری واقیعە، بەڵام بە تەنها ڕەخنەگری خودی واقیع نییە، بەڵکو ڕەخنەگری وێناکردنی واقیعە لە ئایدیۆلۆژیای سەرمایەدارییدا.

***بەڵام وێڕای ئەوانەش، هەندێک کەس ئەو حوکمە بەسەر سەمیر ئەمیندا دەدەن کە لە دەرەوەی بازنەی مارکسیزمە. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوە بێت کە تۆ ڕاتگەیاندووە لەگەڵ کۆتاییهێنانی بەو مۆدێلە لینینییەی بنەماکەی بریتییە لە شۆڕش بە ناوی سۆسیالیزمێکەوە کە سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەکات. ئەوەش بە بەرپاکردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر گشت ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە؟**

- تەماشابکە، لینین زۆر هۆشداریی داوە لە یەکەمین قەیرانی دوورخایەنی هەیکەلیی سەرمایەداریی تازەپێگەیشتوو، من دەڵێم ئەم قەیرانە درێژە لە ساڵی 1873وە دەستیپێکردووە، ئەو دەمەی کە لینین هێشتا لاوێکی بچووک بوو. سەرمایە بە چڕبوونەوەیەکی زیاتر ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە بووەوە. چۆن سەرمایە ڕووبەڕووی یەکەمین شەپۆلی قۆرخکارییەکان بووەوە، ئەو شەپۆلەی کە هەریەکە لە (هۆبسن و لینین و هیلفبینگ) باسیان کردووە، سەرمایەداری چۆن ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە سەرەتاییە بووەوە و ئەم وەرچەرخانەی پەیکەری ڕێکخستنی سیستەمی سەرمایەداریی گۆڕی بۆ پەیدابوونی کۆلۆنیالیزم، ئەم دەرکەوتنەی کۆلۆنیالیزمیش کە

دابەشکرابوو بەسەر دەوڵەتان و ناوەندە کۆڵۆنیالییەکان، تەنها لە چوارچێوەی کێبڕکێیەکی ئابوورییدا نەبوو، بەڵکو کێبڕکێیەکی سیاسی و سەربازی بوو، کە سەریکێشا بۆ جەنگی جیهانیی دووەم. پێم وایە هەڵسەنگاندنی لینین تەواو ڕاست و دروست بوو کە ئەم قەیرانە هەر دەبێت سەربکێشێت بۆ جەنگ و شۆڕش. لە واقیعیشدا وەها بوو سەریکێشا بۆ چەنین جەنگ، وەک جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، هاوکات بووە مایەی چەند شۆڕشێک، وەک شۆڕشی ڕووسی و شۆڕشی چینی، چەند نیمچە شۆڕش یان نیوە شۆڕشێکیشی لێ کەوتەوە، وەک بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتیمانی لە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا. لەم ڕووەوە پێم وایە لینین ڕاست و دروست بووە، بەڵام گەشبینیش بووە کە پێیوابووە ئەم شەپۆلە یاخود ئەم قەیرانە سەرەتاییە، قەیرانێکی دواجاریی دەبێت یاخود دوایین قەیرانی سەرمایەداری دەبێت، شۆڕشیش لە حەڵقە لاوازەکەیدا سەریهەڵدا (واتە ڕووسیا)، هەتاوەکو بە خێرایی بڵاوببێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ مێژوویەکی دیاریکراو بۆ ئەم بڵاوبوونەوەیە هەبێت، بەڵام بە گوتەی لینین لە ماوەی چەند ساڵێکدا زیاتر بڵاودەبێتەوە و بوار دەکاتەوە لەبەردەم قۆناغێکی باڵاتری مرۆڤایەتی، کە ئەویش سۆسیالیزمە. لێرەدا ئەم گەشەسەندنە ئەوەی سەلماند کە لینین گەشبین بووە، ئەوەی ڕووشیداوە ئەوەیە کە سەرمایەداری توانیویەتی بە سەرکەوتوویی لەم قەیرانە بێتە دەرەوە، بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ویناکردنی سۆسیالیزم تەنها یۆتۆپیا و ئەندێشەیەکی خەیاڵییەوە و جێبەجێکردنی ئەستەمە؟ نەخێر هەرگیز؛ گەشبینییەکە لەوەدایە کە ئەم شەپۆلە تەنها شەپۆلی یەکەم بووە. ئێستا دەتوانیت درک بە هۆکارەکانی ئەم هەڵەیە بکەین لای لینین، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە شۆڕش لە حەڵقە لاوازەکەی زنجیرەکەوە دەستیپێکرد، کە ئەویش ڕووسیا بوو، کە نیوەی سنوورەکەی بە مانای تەواوی وشەکە سنوور نەبوو. پاشان دواتر ئەم شۆڕشە بڵاوبووەوە بۆ ناوچە سنوورییەکانی دیکە، وەک چین، پاشان بە شێوەی نیمچە شۆڕش بڵاوبووەوە بۆ سنوور و ناوچەکانی دیکە، وەک ئاسیا و ئەفریقیا، بەڵام ئەم شۆڕشانە بە ناوی سۆسیالیزمەوە لە خودی ناوەند و سەنتەرەکان بڵاونەبووەوە، لێرەشدا پرسیاری ئەوە دەکرێت کە هۆکاری ئەمە چییە؟ ئەم جەمسەرگیرییە لەسەر پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایەداری دامەزراوە، تەنانەت مارکسیش تا ئاستێکی زۆر درکی بەم ڕەهەندە جەمسەرگیرییەی پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایە



**کاتێك کەسێك دەڵێت مارکسیستم من بەو مانایە تەماشای دەکەم کە دەستپێکردن و هەنگاونانە لە مارکسەوە، نەوەك ڕاوەستان لە مارکسدا، واتە من لەو باوەڕەدا نییم ئەو بەرهەمانەی مارکس نووسیونی گوزارشت بن لە کۆتایی حەقیقەتی ڕەها و [دروستکردنی] بیروباوەڕێکی ئایینیی نوێ بن**



Samir Amin

نەکردووە، بەوپێیەی پێیوایە کە کەڵەکەکردنی سەرەتایی قۆناغی یەکەم و دوای ئەوەش سەرمایەداری ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە، بەو شێوەیەش مۆدێلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەسەر ئاستێکی جیهانی بڵاوبووەوە. لە کتێبەکانی مارکسیشدا دەربارەی ئەو پرسە ئەمە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەتایبەت کاتێک مارکس دەڵێت هیندستان پاش چەند ساڵێک دەبێتە هێزێکی سەرمایەداریی گەورە و بەریتانیای مەزن لەبەردەم هیندستانی گەورەی سەرمایەدارییدا بچووک دەبێت. واتە ئەندێشەی ئەوەی کردبوو کە سەرمایەداری بە خێرایی و بە ڕەخساندنی جۆرێک هەلومەرجی بابەتی بڵاودەبێتەوە. واتە خودی مارکسیش بە تەواوەتی درکی بە خەسڵەتی جەمسەرگیریی پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایەداری نەکردبوو، هەروەها لینینیش، کە پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە دەشێت شۆڕش لە حەڵقەیەکی لاوازەوە دەستپێبکات (واتە ڕووسیا)، بەڵام بە خێرایی بە وڵاتانی دیکەدا بڵاودەبێتەوە، تەنانەت چاوەڕوانی شۆڕشی دەکرد لە ئەڵمانیا و لە ناوەندە ئەوروپییەکان، بەڵام ئەمە ڕوویندا. ئێمەش ئێستا لەبەردەم هەمان ئاڵەنگارییداین، واتە شەپۆلی دووەم. ئێمە لە هەمان پێگەداین، واتە ئەم سیستەمە سەرمایەدارییەی لەسەر بنەمای جەمسەرگیری دامەزراوە و لەلایەن پەراوێز و لانشینەکانەوە قبوڵکراو نییە، چونکە دەستەوەستانە لەوەی بتوانێت چارەسەرێکی مرۆیی پێشکەش بکات، هەم سەبارەت بە وڵاتە دەرکەوتووەکانی ئێستا، وەک چین و بەڕازیل و باشووری ئەفریقیا، یاخود وڵاتە پەراوێزخراوەکان، وەک

ولاتانی خۆمان لە ڕۆژهەڵات. کە دەڵێم سەرمایەداری مەبەستم لەو سەرمایەدارییەیە کە هەیە و بالادەستە، نەوەک سەرمایەداری وەک مۆدێلی بەرهەمهێنان لەسەر دوا ئاستی داماڵین، بەڵکو ئەو سەرمایەدارییە بەرجەستەیەی کە سیستەمێکی جەمسەرگیرە، سروشتی کەڵەکەخوازی ئەم سیستەمەش ناتوانێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات، هەر بۆیە بوارێک دێتە ئاراوە بۆ شەپۆلی دووەمی شۆڕشەکان، کە ئەم شەپۆلە لە پەراوێز و لانشینەکانەوە دەستپێدەکات، واتە جارێکی دیکە لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینییەوە، بەڵام کاتێک دەڕوانینە کۆی گشتیی دانیشتوانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی، باس لە (80%)ی دانیشتوان دەکەین، بەو جۆرەش ئێمە کەمینەیەک نین، هەر ئەمەش بەرەنگارییە ڕاستەقینەکەیە.

**کاتێک قسە دەربارەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە بەکۆمەڵە دەکەیت، باس لە ڕۆڵ و گرنگیی حزب یاخود حزبە کۆمۆنیستییەکان ناکەیت؟**

-پارتە کۆمۆنیستەکان لە میانەی شەپۆلی یەکەمەوە دروستبوون، واتە شەپۆلی سەدەی بیستەم، دروستبوونەکەشیان لە چوارچێوەی تێڕوانینە لینینییەکەدا بوو بۆ ئەم شەپۆلە، کە پێی وابوو شەپۆلی یەکەم نییە، بەڵکو شەپۆلی کۆتاییشە هاوکات، بەوەش ئەگەر و گریمانەی شۆڕشێکی سۆسیالیستیی خستبووە بەردەم خۆی لە ناوەندەکان و پەراوێزەکاندا.

*__پێتوایە ئەوانە پارتی لینینی بوون؟__

-بەڵێ پارتی لینینی بوون.

*__ئێستاش ئەوە بۆتە هۆکارێک بۆ لاوازبوونیان؟__

-بەڵێ ئەوە هۆکارێکە کە ئەو حزبانە لە ئێستادا هیچ بوونێکیان نەماوە. ئەو شەپۆلە کۆتاییهات، ئەو لاپەڕەیە داخرا، ئێمە ئێستا دەچینە ناو شەپۆلێکی نوێوە، کە تێیدا ڕووبەڕووی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری دەبینەوە. هێشتا ئەوە کۆلۆنیالیزمە کە کۆنترۆڵی جیهانی کردووە، ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی ئەم کۆلۆنیالیزمە دەبینەوە، بەڵام ڕووبەڕووی کۆلۆنیالیزمێکی جیاواز دەبینەوە لەوەی شەپۆلی یەکەم. کۆلۆنیالیزم لە شەپۆلی یەکەمدا، بە شێوازی کۆ و بەکۆمەڵ نەبوو، بەڵکو کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، بەلژیکی، ئەمریکی، ژاپۆنی و ئەڵمانی هەبوو. هێزە کۆلۆنیالیستە گەورەکان چووبوونە ناو کێبڕکێ و جەنگەوە لەنێوان خۆیاندا. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا ڕووبەڕووی دەبینەوە و ناومانناوە کۆلۆنیالیزمی بەکۆمەڵی سێکوچکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ژاپۆن، ئەمە دۆخێکی جیاوازە. ئایا دەتوانین بە دەستپێکی هەنگاوە شۆڕشگێڕییەکان دایبنێین، هاوشێوەی ئەوەی لە ئەمریکای لاتین و سودان لە میانەی شەپۆلی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییەوە ڕوویدا؟ ئەوە شۆڕش نەبوو، بەڵکو هەنگاوی شۆڕشگێرانە بوو، ئێمە ڕووبەڕووی شەپۆلێکی دیکەی هەنگاوە شۆڕشگێڕییەکان دەبینەوە، ئایا ئەم هەنگاوە شۆڕشگێڕییانە جۆرە پۆتێنشەڵێک بەدەستدەهێنن بۆ مانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکان و سازاندنی زەمینەی بابەتی بۆ پێشکەوتنی زیاتر لە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕییەوە بۆ هەنگاوێکی دیکە. ئەم پرۆسەیە درێژەپێدەری ئەوەی پێشووە، من وەک ڕوودانی شۆڕشێک و دواتر هاتنی شۆڕشێکی دیکە بۆ دروستکردنی سۆسیالیزم لە قۆناغێکی مێژوویی کورتدا دوای چەند ساڵ و دەیەیەک تەمشای قۆناغی ڕاگوزەر لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم ناکەم، بەڵکو وەک زنجیرە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕی لە دەستکەوتی شۆڕشگێڕیی یەک لەدوای یەک تەماشای ئەو قۆناغە دەکەم، بەڵام ئایا ئەم هەنگاوە شۆڕشگێڕییانە ئەگەر لە چەند ناوچەیەکی سنووریی ئاسیا و



**مارکسیزم مێژوویەکی هەیە، تا سەرمایەدارییش هەبێت، پێم وایە ڕەخنەی سەرمایەدارییش دەبێت هەبێت؛ مارکسیزمیش بەوپێیەی میتۆدێکی چالاکە بۆ ڕەخنەی سەرمایەداری، دەبێت هەبێت، وەک ئەوەی کە ئێستا بە شێوەیەکی کردارەکی هەیە**

ئەمریکای لاتینییەوە دەستپێدەکات، هیوادارم لە ئەفریقیا و وڵاتانی عەرەبیشەوە، دەتوانێت بارودۆخێکی وەها بخولقێنێت کە کاریگەریی بکاتە سەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە چەق و ناوەندەکان و ببێتە مایەی زەمینەسازیی بۆ هەنگاوی شۆڕشگێڕی لەو ناوچانەش؟ من لای خۆمەوە گەشبینم، چونکە پێموایە ئەم سیستمە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت پێویستە باکوور [ی گۆی زەوی] تاکلایەنانە دەست بەسەر کەرەستە سروشتییەکانی هەموو هەسارەکەدا بگرێت لەپێناو بەکاربردنی تایبەتی خۆیدا، و ڕێگە بگرێت لەوەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی دەستیان پێی بگات، بەڵام کاتێک ئێمە دەستدەکەین بە بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە لەپێناو پێشکەوتنی خۆماندا، ئەوا بارودۆخێک دەخوڵقێنین کە تێیدا گەلانی چەق و ناوەند ناچار دەکەین کە جارێکی دیکە بیر لە مۆدێلی ژیان بکەنەوە، نەک هەر لە مۆدێلی بەرهەمهێنان.

***بە بۆچوونی تۆ مارکسیزم کەوتۆتە زەلکاوەوە؟ وەک ئەوەی یەکێک لە ڕەخنەگرەکانت وەها دەڵێت؛ بەڵام تۆ خۆت وتت کە مارکسیستێکی جیاوازیت و لە مارکسدا ناوەستیت، بەڵکو لێیەوە دەستپێدەکەیت؟**

-بەڵێ، مارکسیزم مێژوویەکی هەیە، تا سەرمایەدارییش هەبێت، پێم وایە ڕەخنەی سەرمایەدارییش دەبێت هەبێت؛ مارکسیزمیش بەوپێیەی میتۆدێکی چالاکە بۆ ڕەخنەی سەرمایەداری، دەبێت هەبێت، وەک ئەوەی کە ئێستا بە شێوەیەکی کردارەکی هەیە.

***یەکێک لەوانەی بەدواداچوونی هەیە بۆ نووسینەکانت باس لەوە دەکات سەمیر ئەمین گەرموگوڕیی خۆی بۆ کۆمۆنیزم نەشاردۆتەوە، وێڕای ئەوەی سەمیر ئەمین پێی وایە کە ئەم کۆمۆنیزمە چیتر بۆتە شتێکی ناجۆر و خراپ، بەڵام سەمیر ئەمین بە توندی بەرگری لە کۆمۆنیزم دەکات، هەروەها بەرگریی لە هەڵوێستی هەندێک پارتی کۆمۆنیستی عەرەبییش دەکات؛ بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا تۆ ئەم پارتانەت بە لاواز وەسفکردووە، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ پرسیاری «دەبێت چی بکرێت؟» بەتایبەت کە هەندێک کەس تەنها لە شێوازە لینینییەکەیدا ئەندێشەی پارتێکی کۆمۆنیست دەکەن؟**

-لاپەڕەی ئەم حزبانە داخراوە و ئێستا لەبەردەم پێشهاتێکی نوێداین، لەبەردەم وێنایەکی نوێداین، واتە شێوازی ڕێکخستن -پارتی کۆمۆنیستیش

لەنێو شێوازەکانی ڕێکخستندا- و شێوازی خەباتی نوێدایـن، هەم لە خەباتی ئاشتییانە و مانگرتندا، هەم لە خۆپیشاندان و لە هەندێک دۆخیشدا لە خۆپیشاندانەکاندا، یاخود ئامرازەکانی خەباتی چەکداریی وەک شۆڕش و شەڕی پارتیزانی و ...هتد. ئەم ئامرازانە هاوڕەوت لەگەڵ بارودۆخە بابەتییەکانی سەدەی بیستەم. من هەرگیز ناڵێم ئەم حزبانە هەڵە بوون و نەیانتوانیوە درک بە بارودۆخەکە بکەن، بەڵام هەرچۆنێک بێت لەگەڵ بارودۆخەکەدا تێپەڕیون، بەڵام بارودۆخی ئێستا گەشەیسەندووە و گەیشتووینەتە واقیعێکی نوێ، هەربۆیە ئێمە وەک خەڵک نەک وەک ڕۆشنبیر دەتوانین داهێنان بکەین لە هێنانەئارای ئامرازی نوێ. من دەرمانێکم لا نییە بۆ دروستکردنی فۆرمێکی ئاشتییانەی ئەوە و ناڵێم ئەوەتا گیراوەی کۆمۆنیزم ئامادەیە، جا بە مۆدێلە سۆڤێتییەکەی بێت، یان مۆدێلە چینییەکە، یان هەر مۆدێلێکی دیکە، بەڵام من دەڵێم کۆمۆنیزم ئامانجێکی مرۆڤایەتییە، کۆمۆنیزم واتە کۆمەڵگەیەکی ئینسانی، کە دامەزرابێت لەسەر بنەمای تێپەڕاندنی لێکدژیی نێوان چینەکان و چەوساندنەوەی کار و لێکدژیی نێوان گەلان و نەتەوەکان لە چوارچێوەیەکی نێونەتەوەییدا، ئەمەش گیراوەیەکی سیحری نییە، بەڵکو ئاکامی کۆتایی ململانێ و خەباتە.

***پارتە کۆمۆنیستەکان یان هەندێک لە پارتە کۆمۆنیستەکان، وێڕای ئەوەی باشترین کادیرەکانی کۆمەڵگە و باشترین ڕووناکبیر و داهێنەرەکانیان بە لای خۆیاندا ڕاکێشاوە. بەڵام دەست و مەچەکیان بە کۆتی گەورە بەستراوە و دەبینن لەناو حزبەکانیاندا هیچ دیموکراسییەک نییە، بەڵکو دەریاندەپەڕێننە دەرەوە؟**

-بەڵێ من لەگەڵتدام لەمەدا، بەداخەوە. باشترین ئەو کادیرانەی لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵگەی عەرەبی بەرهەمیهێناون، حزبە شیوعییەکان بەلای خۆیاندا ڕایانکێشاون، هەربۆیە من بەرگری لەم پارتانە دەکەم، چونکە گوزارشت لە پێشڕەوانی کۆمەڵگە عەرەبییەکان دەکەن، بەڵام دەست و پێیان بەستراوە. ئەمە بۆیە لە پارتە کۆمۆنیستییەکاندا ڕوودەدات کە دەیانەوێت دڵی ڕژێمە پۆپۆلیستییەکان ڕازی بکەن، هەربۆیە خۆیان بەدوورگرتووە لە ڕێکخستنی جەماوەری میللی، چونکە ڕێکخستنی جەماوەری میللی و بەرەوپێشبردنی ململانێی چینایەتی لەلایەن ڕژێمە فەرمانڕەواکانەوە قبوڵکراو نییە.

*** پێم وایە لە کتێبەکەتدا «ڤایرۆسی لیبراڵ» زۆر کاریگەر بوویت بە مانیفێستی کۆمۆنیزم، بەتایبەت لە دەربڕینێکتدا «لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ئافاتێک جیهانی گرتۆتەوە. نەبۆتە مایەی لەناوبردنی سەرجەم مرۆڤایەتی، بەڵام سەرجەم مرۆڤایەتیی بیمار کردووە. ئەویش ڤایرۆسی لیبراڵە»؛ بەڵێ ئەمە پارچەیەکی ئەدەبییە. بەڵام ئایا هەتاوەکو ئێستاش تارمایی مارکس دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەم ڤایرۆسە ببێتەوە. ئایا پێتوایە ئەو ڤاترۆسە بەسەر دژە ڤایرۆسەکەیدا سەرکەوتووە؟**

-(بە پێکەنینەوە): سوپاس، بەڵێ ڕاستە من کاریگەر بووم بە مانیفێستی کۆمۆنیزم. من وەهای دەبینم کە هەتاوەکو سەرمایەداری هەبێت ئەو تارماییەش هەیە، ئەوە سەرمایەدارییە کە ئەم جۆرە ئاکامانە دەخولقێنێت، واتە دارمانی بارودۆخی بژێویی زۆرینەی زۆری خەڵک، واتە چینە میللییەکان، هەربۆیە تا ئەم سیستمە سەرمایەدارییە بەردەوام بێت، تارمایی کۆمۆنیزمیش هەر بوونی دەبێت.

***کەواتە چۆن دەڕواننە بانگەشەکەی ژاک دێریدا بۆ دروستکردنی ئینتەرناسیۆناڵێکی نوێ لە ڕووبەڕووی ئەو هاوپەیمانێتییە پیرۆزەی ئێستا لە جیهاندا هەیە و دەیەوێت بۆ دواجار مارکس لە گۆڕ بنێت؟**

-دیارە کە من نووسینێکم نووسیوە بە ناونیشانی «لەپێناو ئینتەرناسیۆناڵی پێنجەم»دا، پێم وایە گەلانی جیهان پێویستیان بەوەیە، چونکە کۆڵۆنیالیزم سوود لە پەرتبوونی هێزە میللییەکان و نەبوونی ستراتیژێکی هاوبەشی هێزە میللییە سنوور جیاوازەکان وەردەگرێت، لە کاتێکدا سەرمایە خۆی ستراتیژێکی جیهانیی هەیە «گلۆباڵیزمی سەرمایەداری»، هەر بۆیە دەبێت چینە میللییەکانیش ستراتیژێکی هاوبەشیان هەبێت، ئەمەش ئامانجی سەرەکیی ئینتەرناسیۆناڵی پێنجەم دەبێت.

***کەسانێک هەن پێیان وایە ئەوەی مارکس وەك بنەمایەك لێی دەڕوانرێت و پێگەیەکی ناوازەی داوە بە چینی کرێکار لە ململانێیدا دژ بە بۆرژوازی، لە ئێستادا شیاو نییە. چونکە لەم واقیعەی ئێستادا کۆمەڵە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی ناکرێکاری باڵادەستن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بکەرێکی دیریکراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، پێشوەخت دیاریناکرێت، بەڵکو لە پڕاکتیك و لە چوارچێوەی مارکسیزمدا دەخوڵقێندرێت. بێگومان ئەمە دادگاییکردن نییە، بەڵکو بۆ سوودگەیاندنە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنگارییەکانی سەردەمی ئێستادا؟**

- بەڵێ، بێگومان کار لەلایەن سەرمایەوە دەچەوسێنرێتەوە، بەڵام چەوساندنەوەی کار بە شێوەی جیاجیا و جۆراوجۆر دەبێت، نەوەک لە میانەی تاکە یەک شێوازی چەوساندنەوەی کارەوە. بەڵێ ڕاستە چەوساندنەوەی کار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەتایبەت بەرامبەر چینی کرێکار لە شوێنی کاری پیشەسازییدا، نموونەیەکی چەوساندنەوەی کارە، بەڵام تاکە شێواز نییە. دەبێت بڕوانینە ئەو شتەی بە گشتی ناومان ناوە چینە جەماوەرییەکان بە مانای فراوانی وشەکە. مەبەست لەم چینانە کۆمەڵە توێژێکی جیاجیان، هەموو ئەم توێژانەش دەکەونە ژێر سایەی ستەمی سەرمایەوە، بەڵام بە شێوازی جیاجیا، هەربۆیە کێشەکە بریتییە لە دروستکردنی هاوپەیمانێتییەک لەژێر ناونیشانی بەیەکگەیشتندا، لەگەڵ ڕێزگرتن و دانان بە توێژەکانی تردا.

***لەژێر ئالایەکی یەکگرتوودا؟**

-بەڵێ.

***واتە تۆ باس لە هاتنی قەیرانی ئابووریی سەرمایەداری دەکەیت. بەڵام لە میانەی ئەم قەیرانەی کۆتاییەوە چەندین کەس گریمانەی جیاجیای خۆیان هەڵچنیوە. هەندێك کەس لەو باوەڕەدان ئەوە قەیرانێکی ئاساییە کە هەردەم لەگەڵ سیستەمی سەرمایەدارییدایە، هەندێکی دیکەش ڕێك باس لەوە دەکەن کە تارمایی مارکس سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە. هەندێکی دیکەش هەن لەم بوارەدا پشتیان بەستووە بەو شیکارییانەی مارکس خستوونیەتەڕوو، کە جەخت دەکاتەوە لە پێویستیی بۆ جیهانێکی تەواو جیاواز و نوێ، کە تێیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و هێزە مرۆییەکان بەرەوپێش بڕۆن. کەواتە ئایا قسەکردن لەسەر مەرگی مارکس، قسەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسییە؟**

- ئەوەی ئاماژەت پێدا کە سەرمایەداری خۆی ڕاستدەکاتەوە، ئایدیایەکی دروست نییە، سەرمایەداری هەڵەکانی ڕاست ناکاتەوە، تەنها مەگەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە ئەوەی بەسەردا بسەپێنن. بۆ نموونە ئێمە لە کۆبوونەوەی گرووپی (جی 20) لە لەندەن بینیمان کە چۆن تاکە ستراتیژی سەرمایەداری وەک هێزێکی بەدەسەڵات، بریتییە لە گێڕانەوەی سیستەمەکە بۆ ئەو جێگە خراپەی کە تێیدا بووە، نەوەک ڕاستکردنەوەی. هەربۆیە من دەڵێم تەنانەت ئەگەر ئەم ستراتیژەش سەربگرێت، ئەوا لە کورتمەوەدادا سەرکەوتوو دەبێت. بە

Samir Amin



واتایەکی دیکە گەڕانەوە دەبێت بۆ پێش ئەو قەیران و داڕووخانەی لە سێپتەمبەری 2008دا ڕوویدا، بەڵام ئەمە چارەسەرێک نییە بۆ قەیرانەکە، بەڵکو قەیرانەکە بەردەوام دەبێت لە قووڵبوونەوەی زیاتر.

***بۆ درێژەدان بە قسەکانت دەربارەی ئەو، دەگەڕێینەوە بۆ لینین؛ پێتوایە تا چی ئاستێك لینین دابڕانێکی دروست کردووە لەگەڵ مارکسدا، بەتایبەت کە هەندێك کەس لەو باوەڕەدان لینین خزمەتێکی گەورەی بە سەرمایەداری کردووە بە هۆی مایەپووچبوونی مارکسیزم-لینینیزمەوە؟**

- نا نەخێر، ئەمە بڕیارێکی زۆر خێرایە. لینین کەسایەتییەکی گەورەیە و تاکە کەس بوو کە لە دەمی قەیرانی گەورەی سەرمایەدارییدا باسی لەوە کردووە کە ئەم سیستەمە ناتوانێت سەقامگیر بێت و بە زەروورەت سەردەکێشێت بۆ جەنگ. بە ڕاستییش هەر بەو جۆرە بوو، سەریکێشا بۆ جەنگی جیهانیی یەکەم. کە لینین پێیوابوو ئەمە هەلێکە بۆ ڕاپەڕینی گەلان و بەدیهێنانی شۆڕشی سۆسیالیستی، هەروەها لینین درکی بەوە کرد کە ڕووسیا بریتییە لە بازنەی لاوازی زنجیرەکە. لەوەشدا سەرکەوتوو بوو، بەو مانایەی کە کۆمەڵێک شتی زۆر گەورەی بەدیهێناوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە لینین پێیوابوو کە شۆڕش لەم زنجیرە بازنە لاوازەوە دەستپێدەکات (واتە ڕووسیا)، پاشان بڵاودەبێتەوە بۆ ناوەندە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا. بەڵام ئەمە ڕووینەدا. پەرەسەندنەکانی دواتریش ناگەڕێنەوە بۆ لینین، لینین ساڵی 1924 کۆچی دوایی کردووە، کە لەو دەمەدا شۆڕشی ڕووسیا لە دەمی لاوێتیی خۆیدا بوو و ئەگەری بەرپابوونی شۆڕش لە شوێنەکانی دیکە، هەر لەئارادا بوو.


Idea
VOLUME: 16
ISSUE: 72 - 73
April 2019

***وەك تەواوكردنێك دەربارەی ماركسیستبوونی تۆ، ئایا هیچ بوارێك هەیە بۆ تازەكردنەوەی فكری ماركسیزم؟**

- نەک هەر بوار هەیە بۆ تازبوونەوە، بەڵکو من پێم وایە مارکسیزم دەستیکردووە بە تازەکردنەوەی خۆی.

***چۆن دەڕوانیتە ئەو داواكارییەی دەكرێت بۆ گەڕانەوە بۆ ماركس لەپێناو (ماركسیزمی ڕەخنەیی) پاش هەرەسهێنانی ئەوەی بە ناوی ماركسیزمەوە دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیی خۆیان سەپاندبوو؟**

-من تەواو لە ڕیزی ئەم داواكارییەدا دەوەستم.

***كەسانێك هەن پێیان وایە سەمیر ئەمین هەڵخزاوە بەرەو ئایدیالیزم كاتێك باس لە وەرچەرخان دەكات لە سەرمایەداریی جیهانییەوە بەرەو سۆسیالیزمی جیهانی، و بەزۆرییش لە سەرەوە پرسەكان دەخاتەڕوو، لەبریی ئەوەی لەو پەیوەندییە سیاسییانەوە بێت كە خاوەنەكانیان بڕیاریان لێ دەدەن نەوەك واقیع، كە زۆر كەس ئەمە وەك لیبڕالیستی دەبینن.**

- بە پێچەوانەی ئەوەوە، من وەک هەڵوێستێکی ئایدیالیستی لەو وەرچەرخانە ماوەدرێژە ناڕوانم لە سەرمایەداریی جیهانییەوە بۆ سۆسیالیزمی جیهانی، بە پێچەوانەوە تەواو هەڵوێستێکی واقیعییانەیە، لەبەرئەوەی ئەو لێکدژییە حەقیقییانەی لەبەرچاوگرتووە کە سیستەمی سەرمایەدارییان پێ دەناسرێتەوە.

***تۆ ڕەخنەت لە مۆدێلی دیموكراسیی ئەمریكی گرتووە و بانگەشەی خەباتت كردووە لەپێناو دیموكراسییدا، بەجۆرێك كە پەیوەست بێت بە بەرژەوەندییە زیندووەكانی چینە كۆمەڵایەتییەكانەوە، بۆچوونی تۆ چییە لەو بارەیەوە؟**

-شیکاریی من تەنها بۆ مۆدێلی دیموکراسیی ئەمریکی نییە، بەڵام مۆدێلی دیموکراسیی بۆرژوازی بە شێوەیەکی گشتی، هەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەم لە ئەوروپا، بە هەمان شێوەیە. لە شیکاری ئەم مۆدێلەدا دەڵێین دیموکراسیی سیاسییە و جیاکاریی دەکات لەنێوان بەکارهێنانی دیموکراسی وەک ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە سیاسییەکان بە شێوەیەکی دابڕاو لە بەڕێوەبردنی کاروبارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، کە جێهێڵدراون بۆ بازاڕ. ئێمە پێویستمان بە مۆدێلێکی دیموکراسییە، کە کۆکەرەوەی نێوان بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووری بێت، نەوەک لێکترازاندنیان. کۆمەڵگەش تاکە ئامرازە بۆ کۆکردنەوەی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. منیش بە هەمان شێوە ڕەخنە لە مۆدێلی سۆڤیەتی و مۆدێلەکانی دیکەی کۆمۆنیزمی مێژوویی دەگرم، کە لە واقیعدا دەبوو بۆ بەرژەوەندیی چینە جەماوەرییەکان دروستبووبن، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ دیموکراسییەک بوونی نییە و چینە جەماوەرییەکانیش مافی خۆڕێکخستنیان نییە.

***تۆ بەرگری دەكەیت، یاخود تەنانەت پاساویش دەدەیت بە مانەوەی ئەم ڕژێمە باڵادەستانەی ئێستا، لە بەرامبەر بزووتنەوە ئیسلامییەكان؛ یان وەك ئەوەی (بورهان غەلیون) لە كتێبی «گفتوگۆی دەوڵەت و ئایین»دا باسی تۆ دەكات و دەڵێت سەمیر ئەمین پێیوایە هەر گۆڕانكارییەك لە بارودۆخی باڵادەستدا سەردەكێشێت بۆ مەترسیی كەوتنە ناو بەربەریزم، كەواتە باشترین هەڵوێست پشتیوانیكردنی سیستەمە باڵادەستەكانە؟**

- (بە هەڵچوونەوە وەڵام دەداتەوە): نەخێر هەرگیز و هەرگیز شتی وەها

نییە (بورهان غەلیون) تەواو هەڵەیە لەم هەڵسەنگاندنەیدا. من پێموایە ئیسلامی سیاسی لە لایەک ڕژێمە باڵادەستەکان لە لایەکی دیکەوە، گوزارشت لە هەمان بەرژەوەندییە چینایەتییەکان دەکەن، کە ئەویش بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازیی کەمپرادۆرییە (واتە هاوپەیمانی داگیرکەران). کەواتە هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو ڕژێمانەی وەک ڕژێمی نائیسلامی خۆیان دەناسێنن. ڕژێمە تۆتالیتارەکان و ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامی بەربەستی سەرەکی نییە لەبەردەم گەیشتنی ئیسلامی سیاسی بە حکوم. ئێمە دەبێت تەنها وەک ململانێی سیاسی لەسەر دەسەڵات، بەڵام بە هەمان بنکەی کۆمەڵایەتییەوە، تەماشای ململانێی نێوان هەندێک لە ڕژێمە باڵادەستەکان و ئیسلامی سیاسی بکەین.

***تۆ بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنەت لە گروپ و دەستەکانی ئیسلامی سیاسی گرتووە و گوتووتە پرۆگرامی ئیخوان موسلیمین لە بنەڕەتدا دژ بە هزری دیموکراسییە و قبوڵکردنی دیموکراسی و هەڵبژاردن، تەنها بانگەشەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرگری لە مافی ئیخوان موسلیمین دەکەیت بۆ ڕێکخستنی سیاسی و کاری حزبی؟**

-بەڵێ من بەرگری لە مافی هەموو لایەک دەکەم بۆ خۆڕێکخستن، هەروەک چۆن بەرگری لە مافی کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار دەکەم، بەڵام ئیخوان موسلیمین ئەمەی قبوڵ نییە. ئیخوان موسلیمین لە میسر بۆ نموونە، قبوڵیان نییە کرێکاران مافی خۆیان هەبێت بە بوونی سەندیکای سەربەخۆ و ئازاد لە دەرەوەی ڕژێمی باڵادەست. ئەوان قبوڵیان نییە جوتیاران خۆیان ڕێکبخەن بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان و بەدەستهێنانی زەوی. دەبێت دیموکراسی بۆ هەمووان بێت. ئێمەش دەبێت لەگەڵیاندا بچینە ناو ململانێیەکی سیاسییەوە، ململانێیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، نەوەک هەر تەنها ئەوان خاوەنی ئەو مافانە بن لە دەرەوەی چینە میللییەکان. بۆ نموونە بڕوانە لە ئێران، ئایا ڕژێمی ئێران ڕازییە چینە میللییەکان خۆیان ڕێکبخەن؟ بێگومان نەخێر. هەربۆیە دەڵێم خەبات لەپێناو دیموکراسییدا لە بارودۆخی وڵاتانی وەک میسر و سوداندا، تەنها داواکردنی فرەحزبی و هەڵبژاردنێکی تەندروست و بێگەرد نییە، ئەمە بەتەنیا بەس نییە، دەبێت چینە میللییەکان بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنن، چینە میللییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەکانی بژێوی ڕۆژانە دەبنەوە، وەک کەرتی تەندروستی و پەروەردە و نیشتەجێبوون و چەندین بواری دیکە. هەربۆیە پێویستە ئامانجەکانی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگە کۆبکرێنەوە بۆ بەدیهێنانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی. بۆیە دەڵێم ئەو مۆدێلە دیموکراسییەی لەبەردەمماندایە، بەکەڵک نایەت.

***بەڵام وەك بورهان غەلیون دەڵێت داواتکردووە کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە ڕێگەی توندوتیژییەوە هەڵبوەشێندرێنەوە؟**

- نەخێر من هەرگیز داوای بەکارهێنانی توندوتیژییم نەکردووە، چونکە پێموایە تاکە میتۆد بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە عەرەبییەکان و کۆمەڵگەکانی دیکەش، بریتییە لە پراکتیکی زیاتری دیموکراسی، نەوەک توندوتیژی.

**سەرچاوە:**

http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=170778&r=0